www.kurdistannet.org
8-4-2007 13:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# نەبەز گۆران و نیازی.. هەڵەیەکی ڕۆژنامەوانی! ... بەکر ئالەیی

ڕانیە

هەوڵەکانی نەبەز گۆران بێ پێچ و پەنا بەشی هەرە زۆریان دەچنە خانەی خزمەتکردن بە گەل و نەتەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و کۆمەلآیەتی و نیشتمانییە ئەو ئەنجامی دەدات پێویستە دەست خۆشی و ماندوونەبوونی پێ بگوترێ ئەم پەردەلادانە ئازایەتیەکی بێوێنەیە، ئەو بێ گوێدانە بەرژەوەندیە زاتی یەکانی هەوڵەکانی ڕێکخستوون بۆ خستنە ڕووی هەموو ئەو قەڵەم فرۆش و کاسە لێسانەی کە دابڕابوون لە ئازار و مێنەتی گەلەکەیان، داکۆکی کەرێکی سەرسەختی فاشیستەکان بوون و کەسایەتی خۆیان بزر کردبوو، دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوون هەموو ئەو تەنز و بۆچوونانەی کاکە نەبەز گۆران جێگەی خۆیان گرتووە دەکرێ پشتیوانی لێبکرێ هەزار جار دەستت خۆش !!

بەلآم ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینی ئێمەیە بەشێکی زۆری لە ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ناوچەکەی ئێمەی نیگەران کردووە کە بە بڕوای ئێمە کاکە نەبەز گۆران کەوتۆتە هەڵەیەکی ڕۆژنامەوانی و دەکرێ بڵێین پێشێلی مافی هەندێك خەڵکی کردووە. بە ڕوانینی ئێمە (نەبەز گۆران) لەم بەشەدا هەڵپەی کردووە و بە زۆری و زۆرداری نوسەر و ڕۆژنامەنووسی ناوچەکەمان کاك (نیازی حەمە عەزیز) ی خستۆتە ناو ڕیزی جاش قەڵەم کاسەلێسەکانەوە ئەم جۆرە ناوزڕاندن و لەکەدارکردنە ویژدانی ئێمەی ئازاردا و بێویژدانیەکی گەورەی دەرهەق بە کاك (نیازی) کردووە. بێگەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوە و بەڵگە (نەبەز گۆران) کاك نیازی کردۆتە دەستەی نووسەرانی ڕەنگین. لە ڕیزی قەڵەم فرۆش و جاش قەڵەمەکان ناو زەدی کردووە، ئێمە بە (نەبەز گۆران) و هەموو ئەوانە دەڵێین کە گومانێکیان هەیە لە کاك نیازی حەقی خۆیەتی بە بەڵگەوە بێنە مەیدان. ئەگەر نا ئێمە باوەڕمان بەم بوختانە نیە و لە نزیکەوە (نیازی حەمە عەزیز) دەناسین و کەسایەتی یەکی خەمخۆر و جدی و چالاك بوو نەخشی دیار و بەرچاوی ی هەبووە لە مەیدانی هونەر و ئەدەبی ناوچەکەدا دەستگیرۆیی لاوان و نوسەران و هونەرمەندانی کردووە.

هاندان و چالاکییەکانی (کاك نیازی) جوڵەیەکی جوانی لە ناوچەکە دروست کردوە ڕەخنە و پێشنیارەکانی سەنگی خۆیان لە دەستنەداوە، ڕاستە کاك نیازی وەك پەیامنێرێك هەواڵی هونەری ئەدەبی گەیاندۆتە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو کات، بەلآم هیچ کات نەچۆتە ئەو سەنگەرەی (نەبەز گۆران بۆی هەڵچنیوە) ناوزڕاندانی ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان خزمەت نە بە کاك نەبەز و نە بە جوڵانەوەی هونەری و ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسانی دەکات، بەڵکو شکان و نابووتکردنی کەسانی جدی تەنها و تەنها بەرژەوەندی نەیاران و ناحەزانی گەلەکەمان بەهێز دەکات، هەروەختێك بەڵگەیەك کە بە مانای وشە بۆ بەعس و بەعسیەکان نووسراوە دەکرا نەبەز گۆران ئاماژەی پێ کردبا، ئەو کات کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد داکۆکی لە بەعسیەك بکات.

نیازی حەمە عەزیز هەقی خۆیەتی سەربەرزانە و شەرەفمەندانە بەرامبەر ئەوانە بوەستێتەوە کە تۆمەت و ووشەی نابەجێ ی ئاڕاستە دەکەن، ناوزڕاندن و لەکەدارکردنی کەسانی تر هەڵەیەکە و پێویستی بە پۆزش هێنانەوەیە. تا لە ئەخلاقی ڕۆژنامەوانی دەرنەچن بە سوپاسەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاٌودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.